بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

الْقَارِعَةُ (1)

(ئای) بەڵا گەورەکە، دەنگەسامناکەکە.

مَا الْقَارِعَةُ (2)

داخۆ ئەو بەڵا گەورەیەچی بێت؟، ئەو دەنگەسامناکەچۆن بێت؟!

وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْقَارِعَةُ (3)

تۆ (ئەی ئینسان) چووزانیت چ بەڵایەکە، چ سامناکیەکە!!

يَوْمَ يَكُونُ النَّاسُ كَالْفَرَاشِ الْمَبْثُوثِ (4)

ئەو ڕۆژەخەڵکی وەکو پەپولەی سەرگەردان پەروش و بڵاودەبنەوە.

وَتَكُونُ الْجِبَالُ كَالْعِهْنِ الْمَنفُوشِ (5)

کێوەکانیش وەکو خوری شیکراوەیان لێ دێت (سوك دەبن و چاڵ و چۆڵیان پێ پڕدەکرێتەوە).

فَأَمَّا مَن ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ (6)

جا ئەوەی تەرازووی خێری سەنگین بێت.

فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ (7)

ئەوەلەبارودۆخێکی خۆش و ئاسودەدا ژیان دەباتەسەرو زۆر پێی ڕازییە.

وَأَمَّا مَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ (8)

بەڵام ئەوەی تەرازووی (خێرو چاکەی) سووك بێت (گوناهی زۆر بێت).

فَأُمُّهُ هَاوِيَةٌ (9)

دایکی ئەو دۆزەخەو (باوەشی بۆ کردۆتەوە)!!

وَمَا أَدْرَاكَ مَا هِيَهْ (10)

جا تۆ چووزانی (هاویە) چییە!! (چ بەڵایەکە، چ سزایەکە)

نَارٌ حَامِيَةٌ (11)

ئاگرێکی زۆر داخ و سوتێنەرو بڵێسەدارە(هەرگیز خامۆش نابێت و تینی کەم ناکات).